بەڕێوەبەرێکی کارەبا و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی کوژران

بەرێوبەری بنکەی کارەبای روومادی لە ڕۆژئاوای عێراق و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی کوژران و تا ئێستاش هۆکاری روداوەکە نەزانراوە.

بەیانی ئەمڕۆ شەممە، ئەندازیار فراس عوبێدی بەڕێوەبەری بنکەی کارەبای روومادی لە ڕۆژئاوای عێراق و هاوسەر و دوو کچەکەی بە کوژراوی لەنێو ماڵەکەی خۆیان لە ناحیەی بەغدادی سەر بە پارێزگای ئەنبار دۆزرانەوەو دوای کوشتنی تەواوی ئەندامانی خێزانەکە، تەرمەکان شێوێندراون.

بەپێی زانیارییەکان، هێزە ئەمنییەکان لە بەیانی ئەمڕۆوە لەشوێنی رووداوەکە بڵاوەیان پێکراوە و لێکۆڵینەوەکان دەستیان پێکردوە.